Vision Foundation
for Strategic Studies

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

# پڕۆژەیاسای خزمەتی سەربازی (خزمەتی ئاڵا) لە عێراق: تێڕوانین وشیکاریی ستراتیژی

چۆمان محمد عەلی

حوزەیرانی ٢٠٢٦

Iraq, Sulaymaniyah, Saeed Kaban Street, House No. 28
www.visionfoundationiq.org
+964 772 330 0005

## بەشی توێژینەوەکان - دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی

| جۆری بڵاوکراوە : | بابەت : | توێژەر: |
| --- | --- | --- |
| پۆڵسی پەیپەر | یاسایی | چۆمان محمد عەلی |

### بەیاننامەی دامەزراوەکە

دامەزراوەی ڤیژن بۆ لێکۆڵینەوەی ستراتیجی، لە پێناو تێگەشتنی هاوسەنگ و دروستکردنی داهاتوویەکی پرشنگدار و گەشەسەندوو بۆ هەرێمی کوردستان و عێراق کاردەکات. لە ڕێگەی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە و توێژینەوەی ئەکادیمی لە سەرجەم گرفت و قەیرانە هاوچەرخەکان و دۆزینەوەی چارەسەری پراکتیکی گونجاو. ئێمە وەک ئەرکی سەرەکی دامەزراوەکەمان کە بریتییە لە پاراستن و پەرەپێدانی وڵاتەکەمان، دەمانەوێت لە ڕێگەی توێژینەوەی ستراتیجییەوە، بەرچاوڕوونی و نەخشەڕێگای گونجاو پێشکەش بە داڕێژەرانی سیاسەت و ناوەندەکانی بڕیار لە هەردوو حکومەتی فیدراڵی عێراق و حکومەتی هەرێمی کوردستان و هەر سێ دەسەڵاتی (جێبەجێکردن، یاسادانان و دادوەری)، ڕای گشتی و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بکەین.

### تێبینی

ئەو زانیاریی، دەرئەنجام و ڕاسپاردانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو بریتین لە دیدگای توێژەرانی توێژینەوەکە، کە مەرج نییە نوێنەرایەتی دیدگا و بۆچوونی دامەزراوەکەمان بکەن.

مافی بڵاوکردنەوەی پارێزراوە ©٢٠٢٦
INFO@VFSSIQ.ORG
WWW.VFSSIQ.ORG

# پڕۆژەیاسای خزمەتی سەربازی (خزمەتی ئاڵا) لە عێراق؛
# تێڕوانین و شیکاریی ستراتیژی

## پوختەی جێبەجێکار

پڕۆژەیاسای خزمەتی ئاڵا (سەربازیی زۆرەملێ) لە عێراق، دەستپێشخەرییەکی نوێ و جیاوازی خولی پێنجەمی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقە. پێش پڕۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی ٢٠٠٣، ئەزموونی سیستمی سەربازیی زۆرەملێ لە عێراقدا هەبووە و دوای ئەو پڕۆسەیەش، چەند جارێک هەوڵ دراوە پڕۆژەی جیاواز پەیوەست بەم پرسە ئاراستەی دەسەڵاتی یاسادانان بکرێن. ئەمجارە لیژنەی ئاسایش و بەرگری، سوورتر لە جاران پڕۆژەکەیان ڕەوانەی پەرلەمان کردووە و خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە ؛ ئێستا عێراق لە هەموو کات زیاتر لەوە نزیک بووەتەوە کە ببێتە خاوەنی سیستمی سەربازیی زۆرەملێ.

عێراق، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، بە دۆخێکی هەستیار و ناسەقامگیردا تێدەپەڕێت و بە دەست چەندین قەیرانی قوڵی سیاسی، دارایی و تائیفییەوە دەناڵێنێت. لە پاڵ ئەوەشدا، جووڵاندنی پڕۆژەیاسایەکی لەمجۆرە لەم کاتەدا، لایەنە سیاسییەکان و شەقامی عێراقیی کردووەتە دوو بەرەی دژ بەیەک؛ بەرەیەک پێی وایە پڕۆژەکە پێویستییەکی گرنگ و هەنووکەییە بۆ دۆخی سیاسی و سەربازی، خوێن بە بەرگی وابەستەیی نیشتمانیی لاواندا دەکاتەوە و بە هۆکارێک بۆ ڕێکخستنەوەی ڕیزەکانی یەکێتیی گەل و نوێبوونەوەی توانای مرۆییی هێزە چەکدارەکان دەیبینن. بەرەکەی تر، بە پێچەوانەوە، پێی وایە دۆخی ئێستای عێراق بۆ دەرچوواندنی یاسایەکی لەوجۆرە گونجاو نییە و بە هۆکارێک بۆ دروستبوونی لێکترازان و پشکپشکێنەی تائیفی دەیبینن.

کورد لەم نێوەندەدا هێشتا ڕاوێژی ڕاشکاوی نییە و بە گومانەوە لە پڕۆژەکە دەڕوانێت، بەڵام زەرووەرەتی یاسایی، نەتەوەیی و دەستووری بۆ پاراستنی سەنگ و قورساییی پێگەی کورد لە نێو سوپادا، دەخوازێت کورد بە پلانی ستراتیژی، تۆکمە و تیمی شارەزاوە بچێتە نێو پرۆسەی دەرچوواندنی یاساکە. بۆیە ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکی ئەکادیمی وڕێکخراوەییە لە لایەن دامەزراوەی ڤیژن بۆ لکۆڵینەوەی ستراتیجی، کە بە وردی تیشکی خستووەتە سەر ڕەهەندە جیاوازەکانی پڕۆژەیاسای خزمەتی ئاڵا وجەختی لەسەر گرنگیی لایەنی دەستووری و یاسایی پڕۆژەکە کردووەتەوە.

## بەشی یەکەم: پێشەکی و ناساندن

سەربازگیریی زۆرەملێ، یان ئەوەی لە عێراقدا بە (خزمەتی ئاڵا) ناسراوە، بریتییە لە ناچارکردنی گشت ئەو کەسانەی (ڕەگەزی نێر) کە تەمەنیان گەیشتووەتە هەژدە ساڵ ومەرجەکانی توانای جەستەیی ودەروونییان تێدایە، بۆ ئەوەی لە ڕیزەکانی سوپای نیشتمانیدا خزمەتی سەربازی بکەن (وەزارەتی بەرگریی عێراق، ٢٠٢٣). ماوەی ئەم خزمەتە بەپێی ئاستی بڕوانامەی خوێندەواریی هەر کەسێک دیاری دەکرێت و مەبەست لێی ئامادەکردنی نەوەیەکی نوێیە بۆ بەرگریی سەربازی.

## بەشی دووەم: پێشینەی سەربازیی زۆرەملێ

دوای پێکهێنانی سوپای عێراق لە ساڵی ١٩٢١دا، یەکەمین جار بەپێی یاسای خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ، لە ساڵی ١٩٣٥ لە عێراقدا چووە بواری جێبەجێکردنەوە. دواتر یاسای ژمارە (٦٥)ی ساڵی ١٩٦٩ دەرچوو؛ یاسای خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ هەتا دەرچوونی یاسای ژمارە (١٠٣)ی ساڵی ١٩٨٢ بەردەوام بوو. بۆ مانەوە لە خزمەتی سەربازیدا، چەندین هەموار بەسەر یاساکانی ئەو بوارەدا هات تا ساڵی ٢٠٠٣ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس؛ لەو کاتەدا سەرجەم یاسا کاراکانی ئەو بوارە، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بە فەرمانی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٠٣ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان (CPA) هەڵوەشێنرانەوە (هاوپەیمانیی کاتیی عێراق، ٢٠٠٣).

## بەشی سێیەم: چێوەی دەستووری و یاساییی سەربازیی زۆرەملێ لە ئێستادا

١.دەستووری عێراق (٢٠٠٥)، لە ماددەی نۆیەم، برگەی دووەمدا، ڕێکخستنی خزمەتی ئاڵای (سەربازی) سپاردووە بە دەسەڵاتی یاسادانان، تاوەکوو لە ڕێگەی دەرکردنی یاساوە ئەو پرسە بە شێوەیەکی یاسایی ڕێک بخات.

٢.هەتا ساتی ئامادەکردنی ئەم نووسراوە، یاسایەکی کارا لە عێراقدا بۆ ڕێکخستنی خزمەتی سەربازی، بە پاڵپشتیی ماددەی نۆیەمی دەستوور دەرنەچوێنراوە. ئەوەی هەیە تەنیا پرۆژەیاسایەکە بە ناوی «پرۆژەیاسای خزمەتی ئاڵا»، کە لە ڕێکەوتی ١٤ـی ٩ـی ٢٠٢٢دا خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە (لیژنەی ئاسایش و بەرگری، ٢٠٢٢).

## ئەزموونی وڵاتان

لە کۆی ١٩٢ دەوڵەتی جیهان، نزیکەی ٦٠ دەوڵەتیان پەیڕەوی سیستمی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ دەکەن؛ نوێترینیان هەردوو وڵاتی ئیمارات و قەتەرن. ئەم سیستمە ئەزموونی زۆری تری لە وڵاتانی دراوسێ و جیهانی دووریشدا هەیە، لە نموونەی وڵاتانی سووریا، میسر، کووەیت، تورکیا، ئێران و جەزائیر؛ هەروەها کۆریای باشوور، سەنگاپوور، نەرویج، سوید، یۆنان، نەمسا و سویسرا (ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی، ٢٠٢١).

## بەشی چوارەم: خوێندنەوەیەکی گشتگیر بۆ پرۆژە یاساکە

دوای پرۆسەی ئازادکردنی عێراق، لە سەردەمی کابینەکەی مستەفا کازمی، پرۆژەیاسای خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ ئاراستەی ئەنجوومەنی نوێنەران کرا، بەڵام بەهۆی بارودۆخی سیاسی و ئەمنیی ئەو کاتەوە، پرۆژەکە لەبار چوو و نەبوو بە یاسا. لە ئێستادا جارێکی تر لە لایەن لیژنەی ئاسایش و بەرگریی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقەوە پرۆژەکە هێنراوەتەوە بەرباس و کاری جیدیی لەسەر کراوە؛ خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە و لە ئەرشیفی لیژنە تایبەتەکانی پەرلەماندایە بۆ ئەوەی لە ماوەی داهاتوودا ببێت بە یاسا. گرنگترین بڕگە و ماددەکانی پرۆژەکە لەم خاڵانەدا خۆیان دەبیننەوە:

- پرۆژەیاساکە لە ٦٦ ماددە پێک دێت و دابەش کراوە بەسەر سێ دەروازەدا.
- پرۆژەیاساکە یاسایەکی فیدراڵییە و ئەگەر ببێت بە یاسا، لە سەرتاسەری عێراقدا، بە هەرێمی کوردستانیشەوە، دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.
- تەمەنی خۆتۆمارکردن بۆ خزمەتی سەربازی لە ١٨ ساڵییەوە تا ٤٥ ساڵی دیاری کراوە و تەنها ڕەگەزی نێر دەگرێتەوە. لە بارودۆخی نائاسایی و شەڕدا، دەکرێت بە بڕیاری ئەنجوومەنی وەزیران تەمەنی خزمەتی زۆرەملێ بۆ کەمتر لە ١٨ ساڵ کەم بکرێتەوە.

**ماوەی خزمەتی سەربازی بەپێی ئاستی خوێندەواری و بڕوانامە جیاوازە:**

- ١٨ مانگ بۆ ئەوانەی بڕوانامەیان نییە.
- ١٢ مانگ بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ئامادەیی.
- ٩ مانگ بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس.
- ٦ مانگ بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی ماستەر.
- ٣ مانگ بۆ هەڵگرانی بڕوانامەی دکتۆرا.
- پرۆژەیاساکە ڕێگەی داوە لە بری خزمەتی کرداریی سەربازی، پارە (بەدیل) بدرێت. خزمەتی سەربازی بۆ مەبەستی خانەنشینی و ساڵەکانی خزمەتی وەزیفی هەژمار دەکرێت. ئەگەر کەسی ئەرکدار فەرمانبەری کەرتی گشتی بێت، ئەوا پارێزگاری لە پێگەی وەزیفیی خۆی دەکات تا تەواوبوونی ماوەی خزمەتەکەی.
- پرۆژەیاساکە سزای ماددی و جەستەیی داناوە بۆ ئەو کەسانەی خۆیان لە خزمەتی سەربازی دەدزنەوە.
- هەر کەسێکی ئەرکدار ئەگەر ماوەی خزمەتی سەربازی تەواو نەکات، مافی دامەزراندنی لە کەرتی گشتی و دامەزراوەکانی دەوڵەتدا نییە.
- هەر کەسێکی ئەرکدار ئەگەر ماوەی خزمەتی سەربازی تەواو نەکات، ناتوانێت گەشتی دەرەوەی وڵات بکات.

## بەشی پێنجەم: ڕەهەندە جیاوازەکانی پڕۆژەی خزمەتی ئاڵا

-ڕەهەندی سەربازی: ئەم پڕۆژەیاسایە لە ئەگەری پەسەندکردنیدا، دەبێتە هۆی زیادبوونی ژمارەی سەربازانی عێراق، هەم ئەوانەی لە ئەرکدان و هەم یەدەگەکان. لە پاڵ ئەوەشدا، پڕۆژەکە دەبێتە مایەی پتەوبوونی ڕێوشوێن و ڕێکخستنی سەربازی و بەهێزکردنی هێڵەکانی بەرگری لە ناوچە سنوورییەکاندا.

-ڕەهەندی سیاسی: لە گۆڕەپانی سیاسیدا، خوێندنەوە بۆ ئەم پڕۆژەیە بەو ئاراستەیەیە کە لە بەرژەوەندیی پێکهاتەی سوننەی عێراقە، چونکە پاش ساڵی ٢٠٠٣وە، پۆستی وەزارەتی بەرگری بەدەست ئەو پێکهاتەیەوە بووە. لایەنی کورد و شیعەش بە گومانەوە لەم پڕۆژەیاسایە دەڕوانن و نایانەوێت بە ئاسانی و بەو شێوەیەی ئێستا بەسەریاندا تێپەڕێت (ناوەندی ئەلجەزیرە، ٢٠٢٣).

-ڕەهەندی ئابووری: پڕۆژەکە پێویستی بە تەرخانکردنی بودجەیەکی زەبەلاح هەیە بۆ دروستکردنی بنکە و جێگەی ڕاهێنانی سەربازی، خەرجیی هاتوچۆ، کڕینی چەک، دابینکردنی خۆراک و خزمەتگوزاریی نیشتەجێبوونی خۆبەخشان. هەروەها پڕۆژەکە کاریگەریی ڕاستەوخۆشی لەسەر دەستی کار و بازاڕ دەبێت.

-ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و نیشتمانی: پڕۆژەکە وەک هۆکارێک بۆ پتەوکردن و بەهێزکردنی هەستی نیشتمانی دەبینرێت؛ لەوەش بەدەر، بە فاکتەرێکی گرنگ بۆ تێکەڵوکردنی فەرهەنگەکان و کەمکردنەوەی جیاوازی و لێکەوتە نەرێنییەکانی نێوان پێکهاتەکانی کۆمەڵگەی عێراقی دادەنرێت.

## بەشی شەشەم: مەترسی و ئاستەنگەکانی بەردەم پڕۆژەی خزمەتی ئاڵا

بە تێڕوانین لە ڕەهەندە جیاوازەکانی پڕۆژەیاسای خزمەتی زۆرەملێ لە عێراق، دەکرێت گرنگترین مەترسی و ئاستەنگەکانی بەردەم دەرچوون و بەیاسابوونی ئەم پڕۆژەیە بەم شێوەیەی خوارەوە شیکردنەوە بۆ بکرێت:

**١. مەترسی و ئاستەنگی سەربازی:**

کەرتی سەربازی و دەسەڵاتی سوپا لە عێراق، بە دیاریکراوی لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق و دروستکردنی هێزی نیزامی لە ساڵی ١٩٢١وە، هەمیشە وەک هەڕەشەیەک بۆ سەرکوتکردنی پێکهاتە جیاوازەکان، بەتایبەت کورد و شیعە، خۆی نواندووە. لەم سۆنگەیەوە، پرۆسەی «بە نیشتمانیکردن»ی ئەم کەرتە هەمیشە ئەو خەونە بووە کە هیچ کام لە دەسەڵاتەکانی سەردەمی پاشایەتی، کۆماری و تەنانەت دەسەڵاتی ئەمریکی و هاوپەیمانانیش لە عێراقی نوێدا پێیان نەکراوە. جیا لەوە، سوپا و دەسەڵاتی سەربازی لە عێراق بەدرێژایی ئەو مێژووەی ئاماژەی پێ درا، هەرگیز بۆ بەرگریکردن لە نیشتمان و سنوورەکان بەکارنەهێنراوە و هەمیشە داردەستی کەس، پێکهاتە و حیزب بووە؛ تا ئێستاش هەر بەو جۆرەیە. لەبەر ئەوە، بە کورتی دەکرێت مەترسی و ئاستەنگە سەربازییەکانی بەردەم پڕۆژەکە بەم شێوەیە دەستنیشان بکەین:

-هێزی چەکدار لە عێراقی نوێدا دابەشبوونێکی مەترسیداری بەسەر پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینییەکاندا هەیە و خاڵی جیاوازییەکانی زیاترە لەو خاڵانەی کە دەتوانن لەژێر چەتر و ئاڵایەکی یەکگرتوودا کۆیان بکەنەوە.

-سوپای عێراق سوپایەکی نارێکخراوە و گوێڕایەڵی بۆ وەزیری بەرگری و فەرماندەی گشتیی هێزە چەکدارەکان بە تەواوی نەهاتووەتە دی؛ بۆیە ئەم مەترسی و ئاستەنگە بە چوونی خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ بۆ بواری جێبەجێکردن و بە زیادبوونی ژمارەی سەرباز، فیرقە، لیوا و یەکە سەربازییەکان، قەبارەی گەورەتر دەبێت.

-بوونی میلیشیا و هێزی نارێکخراو لە دەرەوەی پێکهاتەی وەزارەتی بەرگری و هێزە نیزامییەکان، وادەکات بەدەمەوەهاتنی خۆبەخشانی سەربازی بۆ پڕۆژەی سەربازیی زۆرەملێ کەمتر ببێتەوە.

-حکوومەتی عێراق و وەزارەتی بەرگری، توانای دابینکردنی پێداویستی و کەرەستە سەربازییە پێشکەوتووەکانیان نییە تاوەکوو پڕۆژەکە بەتەواوی جێبەجێ بکەن.

**٢. مەترسی و ئاستەنگی سیاسی:**

بەوپێیەی ئامانج و پڕۆسە کردارییەکانی پڕۆژەیاساکە لە دوورمەودادا دەکەوێتە ژێر چەتری وەزارەتی بەرگری و دەسەڵاتی وەزیرەکەی، کە لە عێراقی پاش ٢٠٠٣ەوە پشکی پێکهاتەی سوننەیە و ئەم پێکهاتەیەش لە دۆخی دابەشبوونێکی بەردەوامدایە و لەژێر هەژموونی وڵاتانی سوننەمەزهەبدایە؛ بۆیە شەقامی سیاسیی دەرەوەی پێکهاتەی سوننە، کە لە شیعە و کورد پێک هاتووە، نایانەوێت بەئاسانی لەناو پەرلەماندا دەنگ بە دەرچوواندنی یاسایەکی لەوشێوەیە بدەن. ئەوان بێ بوونی زەمانەتی دەستووری، یاسایی و کرداری بۆ پاراستنی پێکهاتەکانیان لەناو نەخشەی سوپای داهاتووی عێراقدا، کە ببێتە هۆی پاراستنی هاوسەنگی لە دەسەڵاتەکانی ناو سوپادا، ناچنە ژێرباری ئەو پڕۆژەیاسایە. لەلایەکی ترەوە، مێژووی ئەم جۆرە یاسایانە دەیسەلمێنێت کە سوپا هەمیشە داردەستی لایەنێکی سیاسیی دیاریکراو بووە بۆ داپڵۆسین و کپکردنی دەنگی نارەزایی پێکهاتەکانی تری عێراق. ئەو سوپایە لە ڕابردوودا بکەری کارەساتەکانی هەڵەبجە، ئەنفال و لێدان بووە لە بزووتنەوە ڕزگاریخوازەکانی کورد و شیعە. لەپاڵ ئەمەدا، مەترسییەکی تر هەیە کە تێپەڕاندنی ئەم پڕۆژەیاسایە وەک سەفقەیەکی سیاسی لەنێوان هەرسێ لایەنەکە (سوننە، شیعە، کورد) بێت؛ وەک چۆن لە ماوەی ڕابردوودا هەمووارکردنی یاسای باری کەسێتی بۆ پێکهاتەی شیعە، هەمووارکردنی یاسای لێبوردنی گشتی بۆ پێکهاتەی سوننە و دەرچوواندنی یاسای گەڕانەوەی خاوەندارێتیی زەوییە کشتوکاڵییەکان بۆ پێکهاتەی کورد لە ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق تێپەڕێندران. بۆیە مەترسییەکە لە ئێستادا بریتییە لە سەفقەیەکی سیاسیی نوێ بە تێپەڕاندنی «یاسای خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ» بۆ بەرژەوەندیی سوننە، (یاسای حەشدی شەعبیی) بۆ بەرژەوەندیی شیعە و (یاسای نەوت و گاز) بۆ بەرژەوەندیی کورد.

**٣. مەترسی و ئاستەنگی ئابووری:**

ڕیڕەی پشتی هەموو پڕۆژەیەکی ستراتیژی، لایەنی ئابووری و تەرخانکردنی داراییە. دۆخی ئابووریی ئێستای عێراق، لە سایەی ئابووریی بەرخۆر و پشتبەستوو بە سامانی نەوت، دەرەقەتی تێکردن و ئیدارەدانی سوپایەکی زەبەلاح نایەت کە ژمارەیەکی یەکجار زۆری مرۆیی و سەربازی لە خۆ بگرێت. حکوومەتی عێراق و وەزارەتی دارایی کە ڕاسپێردراوی دابینکردنی لایەنی دارایی پڕۆژەکە دەبن، لە ئێستادا بە ئەستەم دەتوانن مووچەی مووچەخۆرانی عێراق، لەگەڵ هێزە سەربازییەکانیشدا، دابین بکەن؛ چ جای ئەوەی پڕۆژەیاساکە بارگرانییەکی زۆری پڕچەککردن، پێداویستیی لۆجستی، دروستکردنی شوێنی مەشق، حەوانەوە، هاتوچۆ و مووچەی خۆبەخش و سەربازیی زۆرەملێ بهێنێتە سەر شانیان. ئەگەر لە بارێکدا حکوومەتی عێراقی بتوانێت لایەنی دارایی پڕۆژەکە دابین بکات، بازاڕی کار و دەستی کار لە کەرتەکانی بازرگانی، بەرهەمهێنان و کەرتەکانی دیکەدا کەمدەکاتەوە و گەنجان و لاوان بەرەو سێکتەری سەربازی دەنێرێت؛ ئەگەر لە وێنە بچووکەکەدا بەشێک لە کێشەی بێکاری بە کاتی چارەسەر بکات، ئەوا ناهاوسەنگی لە بازاڕی کار و دەستی کاردا دەخوڵقێنێت.

٤. مەترسی و ئاستەنگە کۆمەڵایەتییەکان: بەزۆر بەسەربازکردنی هاووڵاتییان، کاریگەریی نەرێنیی لەسەر باری دەروونیی کەسەکان هەیە. بەشێکی زۆری چینی گەنجانی عێراق تووشی شۆکی دەروونی دەبن بە گواستنەوەیان لە ژیانی شارستانییەوە بۆ ژیانی سەربازی. لەوانەیە بەشێک لەو گەنجانە، بەخێوکەری خێزانەکانیان بن و بە ڕاپێچکردنیان بۆ کاری سەربازی، سەرچاوەی داهاتی خێزانەکانیان دەپچڕێت. هەروەها ترسێک هەیە لەوەی لە بارودۆخی شەڕوشۆڕ و ئاڵۆزییەکاندا، سەربازە نوێیەکان بەکار بهێنرێن و بەهۆی کەمیی شارەزایی و ڕاهێنانیان لەگەڵ دۆخەکە، ببنە قوربانی. ئەمە جیا لەوەی بەهۆی بوونی ماددەگەلێکی پەیوەست بە بەخشینی خزمەتی سەربازی بەرامبەر بە بڕێک پارە، منداڵی چینی دەوڵەمەند و دەستڕۆیشتووەکان لە خزمەتی سەربازی دەبەخشرێن و ئەوەی دەمێنێتەوە، منداڵ و نەوەی چینی هەژارەکانە.

## کورد و پڕۆژەی خزمەتی ئاڵا

کورد لە نێو پەرلەمانی عێراق، دردۆنگترین پێکهاتەیە لەهەمبەر پڕۆژەیاسای خزمەتی ئاڵا؛ ئەمەش بەهۆی ئەو پاشخانە ترسناکەی کورد لەگەڵ ڕابردووی سوپای عێراق هەیەتی. جگە لەوەش، دوای پرۆسەی ئازادیی عێراق، بە هۆکاری ناوخۆیی و سیاسی، پێکهاتەی کوردی لە نێو سوپای عێراقدا نەیتوانیوە سەرجەم ماف و داخوازییەکانی خۆی بەدەست بهێنێت، وێڕای ئەوەی سەردەمانێک پۆستی سوپاسالاری عێراق لای کورد بووە. کاتێک باسی هەڵوێستی کورد لە بەرامبەر پڕۆژەیاسای خزمەتی سەربازی دەکرێت، چەند پرسیارێکی جەوهەری سەرهەڵدەدەن؛ ڕۆڵ و پێگەی هێزی پێشمەرگە لە نێو پێکهاتەی نوێی سوپای عێراق چی دەبێت دوای بەیاساکردنی خزمەتی زۆرەملێی سەربازی؟ ئایا هاووڵاتییانی هەرێمی کوردستان بە هەمان مەرج و ڕێکارەکانی هاووڵاتییانی تری عێراق دەکرێنە سەرباز؟ شوێنی مەشق و ئەرکە سەربازییەکانی سەربازە کوردەکان، سنووری جوگرافیی پارێزگاکانی هەرێم دەبێت، یان دەگوێزرێنەوە بۆ پارێزگاکانی تری عێراق؟

باشترین بژاردە لە ڕووی یاسایی و دەستوورییەوە ئەوەیە کورد بە گوتارێکی یەکگرتووەوە بچێتە ناو گفتوگۆی دەرچوواندنی ئەم پڕۆژەیاسایە. پێش هەموو شتێک، لەسەر بنەمای مادەی ١٤١ی دەستووری عێراق جەخت لەوە بکاتەوە کە دەسەڵاتەکانی هەرێمی کوردستان لەدوای ساڵی ٢٠٠٣ەوە یاسایی و دەستوورین، لەم نێوەندەشدا هێزی پێشمەرگە بەشێکی دانبڕاوی سیستەمی بەرگریی عێراقە و پارێزەری سنووری هەرێمی کوردستانە؛ بۆیە نابێت پڕۆژەیاساکە دۆخی هەرێمی کوردستان وەک هەرێمێکی فیدراڵ، تایبەتمەندیی هێزی پێشمەرگە و مێژووی دروستبوونی نادیدە بگرێت. پێویستە کورد بە نوێنەرایەتییەکی یەکگرتوو، کە لە کەسانی شارەزای سەربازی، نوێنەرانی پەرلەمانی عێراق، پەرلەمانی کوردستان و بەرپرسانی حکومی پێکهاتبێت، بچێتە ناو گفتوگۆکانی ئەم پڕۆژەیاسایەوە و قسەی جیددییان هەبێت لەسەر هەیبەت و پێکهاتەی نوێی سوپای عێراق، هەروەها هەوڵی چەسپاندنی تایبەتمەندی و ئیمتیازاتی گونجاو و یاسایی بدەن بۆ خۆبەخشانی هەرێمی کوردستان لەنێو سوپای عێراقدا.

## بەشی حەوتەم: دەرئەنجامەکان

١. خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ پێویستی بە چوارچێوەی دەستووری و یاسایی هەیە؛ لە ئێستادا بەشێکی ئەم پێداویستییە بەدی هاتووە و هەوڵ هەیە بۆ تەواوکردنی بەشەکەی تری.
٢. خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ ڕەهەندی جۆراوجۆری هەیە، بۆیە بۆ دەرکردنی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی ئەم پرسە، پێویستە سەرجەم ڕەهەندەکانی لەبەر چاو بگیرێن.
٣. عێراق وڵاتێکی فرەنەتەوە، فرەپێکهاتە و فرەتائیفەیە؛ دەرکردنی یاسای سەربازیی زۆرەملێ چەندین کاریگەری و لێکەوتەی بەدوای خۆیدا دەهێنێت.
٤. کورد وەک پێکهاتەیەکی سەرەکیی عێراقی نوێ، لە ڕابردوودا زۆرترین کێشەی لەگەڵ دەسەڵاتی سەربازیی عێراق هەبووە و هەمیشە قوربانیی هەڵسوکەوتە نادروستەکانی دەسەڵاتی ناوەندی بووە، کە لە ڕێگەی دەسەڵاتی سوپاوە دژی کورد ئەنجامی داوە.

## بەشی هەشتەم: پێشنیازەکان

١.دڵنیابوونەوە لە دابینکردنی پێداویستییە ئابووری و لۆجستییەکان بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانی پڕۆژەیاساکە، بەتایبەتی پرسی مووچە، چەک، کەرەستەی سەربازی و ئامرازەکانی ڕاهێنان.
٢.بەدیهێنانی دادپەروەری لە کاتی جێبەجێکردنی یاسای سەربازیی زۆرەملێ لە هەموو ناوچەکانی عێراق. پێویستە ڕەچاوی هۆکارە تەندروستییەکان، پرسی هەڵاتن لە سەربازی، دابەشکردنی پلەباڵاکانی ناو سوپا بکرێت؛ هەروەها پێدانی «بدل»ی سەربازی نەبێتە هۆی ئەوەی چینی باڵادەست و خاوەن سەرمایەکان لە خزمەتی سەربازی قوتار ببن و لە ئەنجامدا هاوسەنگیی کۆمەڵایەتی تێک بچێت و نارەزایی جەماوەری لێ بکەوێتەوە.
٣.دۆزینەوەی چارەسەری بنەڕەتی بۆ یەکخستنی هێزە چەکدارە نانیزامی و میلیشیاکان، کە لە دەرەوەی سیستەم و هەیکەلی وەزارەتی بەرگریدان و گواستنەوە و جێکردنەوەیان لەنێو هێزە نیشتمانی و نیزامییەکاندا.
٤.پێداچوونەوەی گشتگیر بە کۆی بڕگە و ماددەکانی پڕۆژەیاساکە و پێکهاتنی لیژنەی هاوبەش لەنێوان لیژنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە پەیوەستن بە پرسەکانی سەربازی، پەروەردە، خوێندنی باڵا، ئاسایش و دارایی. هەروەها وەرگرتنی ڕاوێژی کەسانی پسپۆڕ لە بوارەکانی ئەمنی، سەربازی، کۆمەڵایەتی، دەروونناسی و پێدانی ڕۆڵ بە بەرپرسانی وەزارەتی پێشمەرگە و وەزارەتی بەرگریی عێراق.
٥.بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی یاسایی و سەربازی لەسەر پڕۆژەیاساکە پێش دەرچوونی، لە ڕێگەی دەزگاکانی میدیای بینراو، بیستراو، نووسراو و سۆشیالمیدیاوە بۆ سەرجەم چینەکانی کۆمەڵگە.
٦.مامەڵەکردنی هۆشیارانە لەگەڵ ئەو سزایانەی لە پڕۆژەیاساکەدا بۆ خۆبەخشان دانراوە؛ ڕوونکردنەوەی مەترسییەکانی دیاردەی هەڵاتن لە سەربازی و دیاریکردنی هۆکار و چارەسەرە کەسی، دەروونی و کۆمەڵایەتییەکان لەو بارەیەوە.
٧.جێکردنەوەی میکانیزمێکی گونجاو بۆ بەشداری و ڕەخساندنی هەلی یەکسان بۆ ئەو هاووڵاتییە عێراقییانەی لە تاراوگە دەژین.
٨.پاراستنی هاوسەنگی لەنێوان بەشداریی هاووڵاتییان لە خزمەتی سەربازیی زۆرەملێ و دەرفەتەکانی خوێندن و هەلی کار.

## بەشی نۆیەم: سەرچاوەکان


1.ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (٢٠٢٢)، ڕاپۆرتی لیژنەی ئاسایش و بەرگری سەبارەت بە پڕۆژەیاسای خزمەتی ئاڵا، بەغدا. /https://parliament.iq/ar/2022/09/14

2.دەستووری عێراق (٢٠٠٥) ، ماددەی (٩)، بڕگەی دووەم /https://parliament.iq/ar/constitution.

3.هاوپەیمانیی کاتیی عێراق (٢٠٠٣)، فەرمانی ژمارە (٢) تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی دامەزراوە سەربازییەکان، بەغدا. /https://www.loc.gov/item/lcwaN0011579

4.لیژنەی ئاسایش و بەرگریی پەرلەمانی عێراق (٢٠٢٢) ، دەقی پڕۆژەیاسای خزمەتی ئاڵا، خوێندنەوەی یەکەم /https://www.loc.gov/item/lcwaN0011579.

5.وەزارەتی بەرگریی عێراق (٢٠٢٣) ، بەیاننامەی فەرمی سەبارەت بە پێویستییەکانی سوپای عێراق، ماڵپەڕی فەرمی /https://parliament.iq/ar/security-defense.

6.ناوەندی ئەلجەزیرە بۆ لێکۆڵینەوەکان (٢٠٢٣) ، شیکاریی دۆخی سیاسی و کاریگەریی یاسای خزمەتی سەربازی لە عێراق، دوحە https://studies.aljazeera.net/ar/article/5532.

7.ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی (٢٠٢١)، توێژینەوەی بەراوردکاری بۆ سیستمە سەربازییەکانی جیهان. https://www.files.ethz.ch/isn/12345/Global_Military_Service.pdf

Vision Foundation
for Strategic Studies

info@vfssiq.org
+964 772 330 0005
www.visionfoundationiq.org
Iraq, Sulaymaniyah, Saeed Kaban Street, House No. 28.

visionfoundationiq